# مندالّەکانمان لە پشووی هاویندا

[ بە کوردی ]

# أبناؤنا في الإجازة الصيفية
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز
الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# منداڵەکانمان لە پشووی هاویندا

سوپاس بۆ خوای گەورە وا جارێکی تر نیعمەتی پشووی هاوینمان بینی لەپاش تێپەڕ بوونی ساڵێك پڕ لەخوێندن و تاقیکردنەوە... بەڵام ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوەکەهەموو ماڵێك خەمی وەڵامدانەوەیەتی: ئەو پرسیارەش ئەوەیە ئایە چۆن منداڵەکانمان پشووی هاوین ببەنەسەر؟

لەسەرەتاوە ئەبێت ئەوە بزانین کە پشووی هاوین ماناى ئەوە نیە کە دەبێت کاتی منداڵەکانمان بەفیرۆ بچێت و لەفەوزا بژێین بیٚ ئەوەی سوود لەوپشووەببینن...

خۆشـی ڕاستەقینەبۆ منداڵەکانمان ئەوەیە کەپشووی هاوین تەواو بێت و خۆ ی ببینێتەوە کەچەند جوزئێکی لەقورئانی پیرۆزی لەبەر کردوە، یان فێری شتێکی بەسوود بوە... وە دەبێت ئەوەی پیٚ بوترێت کەپشووی هاوین یەکێکە لەو نیعمەتانەی کەدەبێت سوودی لیٚ وەربگیرێت ، وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (( اغتنم خمساً قبل خمس : شبابك قبل هرمك ، وصحتك قبل سقمك ، وغناك قبل فقرك ، وفراغك قبل شغلك ، وحياتك قبل موتك ) رواه الحاكم .

وەدەبێت ئاگامان لەوەبێت کاتێك بەرنامە بۆ منالەکانمان دادەنێین خۆیان فەرامۆش نەکەین لەدانانی ئەو بەرنامەیە و

پرسیاریان پێ بکەین، بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجی کردندا بەزەوق و شەوقەوە ئەنجامی بدەن.

چاکتر وایەکە بەرنامەکە هەمەلایەنەبێت و هەموو بابەتێکی تێدا بێت وەکو لایەنی ئیمانی و ڕەوشتی و ڕۆشنبیری و لاشەیی ەکۆمەڵایەتی و ...

خوێنەری بەڕێزم: ئەوەی دەیبینیت و دەیخوێنیتەوە هەنگەواێکی سەرتاییە بۆ ئیستغلال کردنی پشووی هاوین، ئەگەری هەیە کەم و کورتی تێدا بێت... بۆیە داواکارم لەجەنابتان هەر تێبینێك یان پێشنیاریك یان بیرۆکەیەکتان هەبوو ... ئەوە ڕەزیلیمان لەگەڵدا نەکەن و ئاگادارمان بکەنەوە...

کۆمەڵەبیرۆکەیەکی پەروەردەیی بۆ منداڵان لە پشووی هاویندا:

* ڕاهێنانی منداڵ لەسەر هەستان بۆ نوێژی بەیانی و بردنی بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی نوێژەکەی بەجەماعەت بکات...

* ڕێکخسنی بەرنامەیەك بۆ لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز.. وەئەگەر بکرێت لەمزگەوت بێتچاکترە... ئەوەی گرنگ بێت دەبێتباوك و دایك خۆشەویستنی قورئانی پیرۆز لەدڵی منداڵەکەیان بچەسپێنن و هانیان بدەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر خۆێندنی قورئانی پیرۆز و لەبەر کردنی و ئیش پێ کردنی.

* لەبەر کردنی فەرمودەی پێغەمبەر : بۆ نموونەبا هەفتەی یەك تا دوو فەرمووده لەبەر بکات، وەچاکتر وایە لەو ٤٠ فەرمودەیە بێت کەناسراوە بە ( چل فەرمودەی نەوەوی )...

* لەبەر کردنی هەندێ لەئەزکارە سەرەکیەکان....

* بەرۆژو بوون و پارەبەخشین: دەتوانێرت منداڵ پەروەردەبکرێیت لەسەر رۆژو بوونی سێ رۆژ لەمانگێکدا، هەروەها ڕاهێنانی لەسەر پارەبەخشین کەهەفتەی جارێك یارمەتی هەتیوان و هەژاران بدات...

* بردنی منداڵ بۆ سەردانی پەرتوکخانەو تۆمارگە ئیسلامیەکان، با بۆ خۆیان کتێبێك یان کاسێتێکی ئیسلامی هەڵبژێرن ، باوك لێرەدا بتوانێت باسی گرنگی کتێب و کاسێت بۆ منداڵەکەی بکات و پاشان وەکو دیاری بۆی بکرێت.

* ڕێکخستنی پێشبرکێیك لەناو ماڵدا بۆ منداڵان لەسەر پاك و خاوێنی و ڕێکخستنی کەل و پەلی ماڵ ... پاشان لەلایەن باوك و دایکەوەچاودێری بکرێن و خەڵاتیان پێشەکش بکرێت...

ڕێکخستنی سەردانێك بۆ ماڵی هەندێك لە خزمان... بۆ ئەوەی منداڵەکان پەیوەندیان بەهێز بێت لەگەڵ خزمەکانیان...

* ڕاهێنانیان لەسەر هەندێك لەپسپۆریەکان( مهارات ) و کردنەوەی هەندێك دەورات لەناو ماڵ یان تومارکردنیان لەو شوێنانەی کەئەو دەوراتانەپێشکەش دەکەن بەڕەچاو کردنی ئەو شوێنانەکەدەبێت مرۆڤی چاکی تێدا بێت و برادەری باشی لەگەڵدا بێت ... وەلەو خولانە: ( فێر بوونی هەندێك بەرنامەلەکۆمبیوتەر وەکو بەرنامەی وۆرد ـ نوسینی بەپەلەـ فێربوونی مەلەکردن ـ فێربوونی یاری کاراتێ ـ خۆش نوسین ـ فێرربوونی زمانی ئینگلیزی ...) .

* کردنەوەی خولی شەرعی... بۆ نموونەبا دەربارەی ئەحکامەکانی نوێژ، یان دەربارەی ئادابەشەرعیەکان بێت...

* ئاگادار کردنەوەی منداڵان دەربارەی بارودۆخی موسڵمانان لەناو وڵاتی خۆمان و جیهاندا بۆ ئەوەی ڕا بێت لەسەر گرنگی دان بەبرا موسڵمانەکانی...

لەپاش ئەو چەند خاڵەی سەرەوە، ئێستاش فەرموون لەگەڵ نمونەی رۆژێك لەرۆژەکانی منداڵ لەپشوودا:

1 - هەستان بۆ نوێژی بەیانی و کردنی لەمزگەوتدا بەجەماعەت.

2 - خوێندنەوەی ئەزکاری بەیانیان.

3 - هەستان بەئەنجامدانی هەندێك لەیاری وەرزشی سووك.

4 - یارمەتی دایك و باوك لەئیش و کاریماڵەوە...

5 - لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز لەمزگەوت یان لەماڵ...

6 - ئامادەبوون لەحەلەقەی مزگەوت لەکاتی خۆی...

7- جیبەجیّ کردنی نوێژی نیوەڕۆ.

8 - بەکارهێنانی کۆمبیوتەر بۆ ماوەی سەعات و نیوێك: نیو سەعات بۆ نوسین ، وەنیو سەعاتی تر بۆ یاری، وەنیو سەعاتی تر بۆ ئەنترنێت...

9 - خواردنی نیوەرۆ...

10 - نوێژی عەسر...

11 - کاتی پشوو...

12 - خوێندنی ئەزکاری ئێواران...

13 - نوێژی مەغریب.

14 - تەماشاکردنی بەرنامەباشەکانی تەلەفزیون یان فلمێکی فیدیۆی بەسوود .

15 - نوێژی عیشا.

16 - دانشتن لەئەندامانی خێزان بۆ گفت و گۆو قسەی خۆش و بەسوود.

17 - نوستنی زوو بۆ ئەوەی بتوانێت بەرنامەکانی سبەینیێ بەشێوەیەکی جوان جێبەجێ بکات...

لەکۆتاییدا ئەوەچەند پێشنیارێك بوو، داواکارم دایکان و باوکان سوودی لێ وەرگرن و بەرنامەی بەسوود و چاك بۆ منداڵەخۆشەویستەکان دانێن و پشووی هاوینەکەیان زیاتر خۆش و بەختەوەر بکەن.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين